www.kurdistannet.org
8-7-2006 1:19بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەفسیرێكی خەوەكەی خالید مەجید فەرەج لە موفەسیرێكی سۆماڵی یەوە. .. شیخ عباس سۆماڵی

بۆ كاك خالید مەجید بەم دواییە خەوێكت بینیوە، كە روداوەكانی لە سۆماڵدایە منیش وەك شیكەرەوەیەكی خەوی ناسراوی وڵاتەكەم كە سۆماڵە، بە چاكم زانی تەفسیرێك بۆ خەوەكەت بكەم.
ئەوەی زیاتر هانی دام خەوەكەت بۆ شی بكەمەوە ئەوەیە، كە نەگبەتی خەڵكی سۆماڵە، تۆ خەوێكی ئەلەم چەشنە بە سۆماڵەوە دەبینی و ئەوەندەی تر، ئاسۆی چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم وڵاتە بە رەو تاریكی دەبەیت.
من زۆر بڕوام بەخەوە بۆیە زۆر لە خەو بینینەكەی تۆ دەترسم و هەموان دەزانین، لەوانەیە تۆش بە ئاگا نەبیت كە خەو پێچەوانەی واقعە، واتە ئەوەی لە خەودا دەبینری پێچەوانەكەی لە ژیانی واقعدا هەیە، با زۆر كاتت نەگرم و خەوەكەت بۆ شی بكەمەوە، بە پێی تەفسیری خەوەكەت تۆ خەڵكی سۆماڵ نیت، بەڵام لە ژیانی واقعدا حەزت كردووە كۆمۆنیستەكانی وڵاتەكەت بە گەندەڵی ببینی، هۆكاری ئەم ئارەزووەت لای خۆتە و من كارم بەمەوە نی یە، بە هەر حاڵ كە لە واقعدا ئەم ئارەزووەت نەهاتە دی لە خەودا بینیوتەو تەنانەت لەوەشدا بەد بەختیت كە خەوی گەندەڵی كۆمۆنیستەكان لە وڵاتەكەی خۆتدا نەبوو، لە سۆماڵ ڕووی داوە، دەگەڕێمەوە و دەڵێم خەو پێچەوانەی واقعە و ئەوەی تۆ بینیوتە لە خەوەكەتدا سەبارەت بە كۆمۆنیستەكان نە لە وڵاتەكەی خۆت و نە لە سۆماڵ ڕووی نەداوە، من بە ویژدانەوەدەیڵێم،تا ئێستا نەمبینیوە و نەم بیستوە كە كۆمۆنیستەكان گەندەڵ بن، بەهەر حاڵ ئەوە هەركێشەی من نی یەو دیارە كێشەیەكی گەورەی تۆیە و ژیانی لێ تاڵ كردووی و خەوەكەت وەك خەوێكی ناخۆش و (كابوس) ێك دێتە بەر چاو.
خۆزگە بۆ ئەوەی بمتوانیایە بە لایەنی كەمەوە دڵت خۆش بكەم لە شی كردنەوەی خەوەكەتدا، گەر لە ڕووداوەكانی خەونەكەتدا ڕووداوێكت لی بەسەر بهاتایە، وەك ئەوەی پێت هەڵبخلیسكایە لە توێكڵە مۆزێكی سۆماڵ و بە پشتدا بكەوتیتایە ئیتر ڕادەچڵەكیت و خەوەكەت بە تاڵ دەبۆوە و بە لایەنی كەمەوە پێم دەگووتی ئەو توێكڵە بوو بە مایەی خێر و بەرەكەت و ئەوەی لە خەوەكەتدا بینیت بە تاڵ دەبۆوە، وەلەبەر ئەوەی كە خەوەكەشت بەتاڵ بێتەوە لە ژیانی واقیعتدا ئەگەری ڕوودانی زۆر ترە.
ئەوە بەراستی خەوەكەم بۆ شی كردیتەوە و ئامۆژگارییەكی تایبەتیم بۆ تۆ هەیە، ئەویش ئەوەیە كە لە واقعی ژیانتدا، ئارەزوی هەندی شت بكە كە سوك و ئاسا بێت، نەك ئەو ئارەزوەی تۆ هەتە و بە دیهاتنی زۆر قورس بێت هەر بۆیە بە خەو بینیوتە و خەویش هەرگیز بە راستی نایەتە دی، ئینجا كاكە تۆ بۆ دەبێت ئەو خەوە ناقۆڵایە بە سۆماڵەوە ببینیت، خۆ ئەگەر بە راستی خەڵكی سۆماڵ بیت، ئەوا دادگا ئیسلامیەكانی سۆماڵ دادگاییان دەكردیت، چونكە ئەوانیش تەفسیری خەوەكەیان هەر بەو شێوەیە دەكردیت و ترسیان لەوە دەنیشت كە شیوعی و چەپەكانی سۆماڵ بە دەست پاكی ومێژووی خۆیانەوە بگەڕێنەوە وڵاتەكە.
بە هیوای ژیانێكی خۆش و خەوێكی خۆشی دوور لە كابوس.